# *Aria*

ووشه ی(Aria)ناوی جۆره گۆرانییەکه که له دوو بەش پێکدێت ، وه یەکێکه له ڕەگەزه سەرەکییەکان له هونەری( Opera) ( ئۆپێرا ) دا . سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆره گۆرانییه دەگەڕێتەوه بۆ سەدەی ( هەڤدەهەم ) وه لەو سەرەتایانەی دا گۆرانی( Aria) یەکێک بووه له پێکهاتە سەرەکییەکانی هونەری ( ئۆپێرای فەرەنسی ) .

زۆر جار بەهۆی بەربڵاوی ئەم جۆره گۆرانییەوه زۆر له موزیکزانەکانی سەردەمه موزیکییەکان لەسەر بنەمای ئەم جۆره گۆرانییه موزیکی تەنهایان درووست کردووەو هەر بەناوی( Aria)ەوه نمایشیان کردووه ، لێرەدا گرنگه که ئاماژه بەوه بکەین که ئەو موزیکزانه جیهانییانەی که بەگرنگییەکی بەر چاوەوه ئەم جۆره گۆرانییەیان له کاره ئۆپێراییەکانیاندا پیشانداوه زۆربوون بەڵام ناودارترینیان هەردوو موزیکزانی بەناوبانگ به شاکاری ئۆپێرایی ( مۆزارت ) و ( ڕیتشارد فاگنەر ) بوون . یەکێک لەو شاکاره ئۆپێراییانەی موزیکزانی نەمساوی ( مۆزارت ) که ڕەگەزی گۆرانی( Aria)زۆر به ڕوونی دیاره تیایدا ئۆپێرای بەناوبانگی ( دۆن جیوڤانی ) یه .

Muzic-Chrakan
2005